یا هو

بریا ئەمجاریش بە پێنووسی خۆت رووی سپی لاپەڕەکانت رەش کردبایە، نەک هانات بۆ هاوبیرانت لە نووسێنەکانی تایبەتی خۆشت بردبایە.

مامۆستای بەڕێز لەوەی کە بە رێنووسەکەتدا چوونەوە زۆر خۆشحاڵم، دەستیان خۆش و هەر وا بنووس بن، بەڵام بەداخەوە ئەم جاریش هەڵەی تێدایە لە رێزمانی کوردیدا (ل) کە بە دوای (ئەلف) دا بێت قەڵەوە، جا (دال) هەڵەیە و (داڵ) راستە.

بەڵام لەوەی کە ئێوە پێتانوایە بەم شێوەیە کەسایەتی (سیروان حەدداد) دەناسێنن بە هەڵەدا چوون، من ئەوەندە شەهامەت لە خۆم دا دەبینم کە لە ژێر هەر نووسراوە و بیر و بۆچوونێکدا ناو و ناوبانگی خۆم بنووسم، جا ئەوە خوێنەرانن کە بە خوێندنەوەی باوەڕ و بابەتەکان کەسایەتی نووسەر هەڵدەسەنگێنن و لەگەڵی شارەزادەبن. ئێمەش بەوپەڕی رێز و حورمەتەوە دەڕوانینە بۆچوونی بەرامبەرمان. لێرەدا بە پێچەوانەی باوەڕی ئێوە ئەوە ناو و ناوبانگ نی‌یە کە کەسەکان دەناسێنی بەڵکوو هزر و باوەڕی ئینسانی‌یە کە دەتوانێ شوێندانەر بێت لە سەر ناساندنی کەسایەتی‌یەکان و بەرز کردنەوەی ناوەکان. بۆیە خۆشاردنەوە لە ژێر نازناو و خۆ دزینەوە لە بوونی خۆت، ترسان و بێباوەڕی بە خۆیە.

من بە شانازی دەزانم کە وەک موسوڵمانێکی سۆفی( بە واتای خۆمان) وەشوێنکەوتووی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبووتالب بم و لەوەش بێزارم کە وەک سیاسی‌یەکان (بە واتای ئێوە ) بڕوانمە ئایین و دەقە بنەڕەتیەکانی ئایینی ئیسلام.

بۆیە وەڵامی خۆمم بە شێوەی راستەوخۆ بۆ ناردی تا خۆ بپارێزم لە زمان و قەڵەمی ئەو کەسانەی بۆ سڕینەوەی جیابیرانیان دوور نی‌یە دەست بدەنە کردەوەی زۆر نەخوازراوی سڕینەوەی جەستەیی.